# لێرە هیوا نەماوە ڕۆیشتوە،
# تەنیا کەلاوەی قین ماوە

"Here hope has gone, only anger remains"



وەرگێڕ: مستەفا ڕابەر

ئەم دروشمەی سەرەوە بە خەتێکی درشت لەسەر دیواری باڵەخانەیەکی شاری (کەلکەتا)ی هیندستان نوسراوە.

## چاوەڕیکردن بۆ هەتا هەتایە چاوەڕێکردن...!

چاوەڕێکردن هەتا کێشەکان چارەسەر دەبن، چاوەڕێکردن هەتا بارودۆخە ئاڵۆزەکان هەموار دەبن...چاوەڕێکردن هەتا باران دائەکات، تا دانەوێڵە تۆو کراوەکان چەکەرە دەکەن هەتا هەرزن بۆ برسیەکان پێدەگات، چاوەڕێ کردن، هەتا ئەو خەڵکە باش تێ دەگەن هەتا دەزانن چۆن ئەوکەسانەی لە هیچ شتێکیان کەم نیە ئەوانەی بەگوپی پڕەوە، دەئاخفن بە ئاشکرا قرقێنە لێ ئەدەن ئەوانەی لێویان قسەی زبر و زلی لێدەبارێ، چۆن وشەکانیان بە گوێچکەی بەشمەینەت و ماڵ داگیرکراوەکان دەڕشێننەوە.

ئاخاوتن، وشەکان و هیچیتر بەردەوام کاوێژ کردنەوەی ووشەکان.

گوێگرتن لە هیچ، بیستنی هیچ مەگەر دەنگێکی کز و لاواز بە ئەسپایی بلێ ژیان گەندەڵە داهاتو تۆپیووە.

قسەکانی پاشا وەکو ڕتۆکی خوێناوی وان لە نەرمەی گۆشتا ڕۆئەچن، وەکو دەمی گوێزان خوێنیان لێ دەچۆڕیتەوە کەش و هەوای شەڕی نەگریس و بۆن بۆگەنی قسەکانی پاشا وڵاتیان تەنیووە ساڵانێکی دورودرێژی دەوێ هەتا درۆیەکان ئاشکرا دەبن چاوەڕێکردن بۆ هەتا هەتایە چاوە ڕێکردن.

ڕێبدەین تا هێزەکانی ئەودیووی سروشت بڕیاری خۆی ئەدات بیەڵین هەتا پیاوە زڕتەکەکان وەکو ورچە گەمژەکان سەما بکەن، پیاوە گەندەڵەکانی تریش قامکیان ڕاوەشێنن هەڕەشە لە مرۆڤە راستگۆیەکان بکەن و تاوانیان وەپاڵ بدەن.

چاوەڕێکردن ژەهرێکی کوشندەیە مەرگێکی لەسەرەخۆیە بە قولایی گیاندا ڕۆ دەچێتەخوار، چاوەڕێکردن دیوی ناوەوەی کلۆرایی تەرمەکان دەکرۆژێت.

چاوەڕیکردنی پەک خستن و شێواندنە، هەڵمژینی ووزە و توانایە چاوەڕێکرن توانایەکی ترسناکە بۆ لەناوبردن.

دەی بجوڵی:

وەئاگام ێینە هێزم بدەرێ. ئارامم لێهەڵگرە چاوەکانم بکەوە، با ماسولکەکانم تووندبن با دەرونم جووڵە بکات. با لەبن و بۆتکەوە بنەماکان بگۆڕین لەو سست و خاویە بێزارم ئازار زرنگانەوەی هەناومی سنووردار کردوە، شڵوخاوی بوونمی سڕیوەتەوە من زۆرم لەو دەرون بەزیوانە دیووە خەڵکێکی زۆریش دەناسم دوا رۆژیان دۆڕاندوە.

بجوڵێ : هانم بدە با بەرەنگاری ترس ببمەوە، لێگەڕێ با ڕق و تووڕەیی شەکەتی و ماندویەتیم بتوێنیتەوە. لێگەڕێ با هاوارکردن دیوارەکانی ئەو دیواری کەمتەرخەمیە بڕوخێنێت.. چیتر توانای چاوەڕێکردنم نەماوە، چاوەڕێکردن نەخۆشیەکی درێژ خایەنە.

چاپتەری بیست لە کورتە رۆمانیTHe Blind Kingdom

نوسینی خاتو دوکتۆر( ڤیرۆنیک تجەو- لەدایکبوی ١٩٥٥) نوسەرو شاعیرو رۆمان نوس و هونەرمەندێکی هەڵکەوتوی رەش پێستی ئەفریقایە لە فرەنسە دەژی.

وەرگیری لە فرەنسیەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی خاتو پرۆفیسۆر (مەیس چانیس ئلین) ئەویش نوسەرێکی هەڵکەوتوی رەش پێستی ئەفریقیە لە پاریس دەژی (مستەفا رابەر )... کردوویە بەکوردی لە دەرفەتێکدا بڵاوی دەکاتەوە.